# شاخەوان ناصیح بێسەروشوینکراو پاشان لە ئاسایش دۆزرایەوە!

شاخەوان ناصیح ئەندامی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە ڕۆژی 8/7 وە بێسەرو شوینکرا، تاکو پیری واتە رۆژی 8/10 هیچ زانیارییەك نەبوو دەربارەی. پیرێ لە ئاسایش بە باوکیان ڕاگەیاندوە کە لای ئەوانە.

شاخەوان ناصح خوێندکاری زانکۆیەو تاوانەکەی ئەوەیە کە ئەندامی حزبی کۆمۆنیستی کرێکارییە. ئەندام بون لەحزبیکی موخالیفدا لەکوردستانی "ئازادی بێسنوردا" قەدەغەیە هەروەك داواکردنی ئاوو کارەباو سوتەمەنی، هەروەك ئازادی قەدەغەیە. بەلام کۆمۆنیزمو حزبەکەی یەعنی خۆپیشاندانەکانو ناڕەزایەتیەکانی ئێستای خەلکی کوردستان. یەعنی کارەباو ئاوو سوتەمەنیو زیادکردنی موچەو دابینکردنی ئازدایە سیاسیەکان. بۆیە کۆمۆنیزمو حزبەکەی زۆر لەوە واقعیترە کە بەزیندانیکردنو سەرکوت بتوانریت پایمال بکرێت. زۆر لەوە سەرسەخترە کە بتوانریت بە 7/14و بە زیندانیکردنی ژمارەیەکی زۆر لە رابەرانو کادرانی ئفلیج بکرێت. ئەمرۆ هەموو هەڵسوراوانو رابەرانو کەسانی نارازی ئەندامانی رانەگەیەندراوی ئەم حزبەن. باشترین ریگا بۆ یەکیتی نیشتمانی ئەوەیە دەست هەلبگریت لەم زیندانیکردنو بێسەروشوینکردنو تەقەکردنە لە نارازیان. چاکترە ریگای مەنتقی بگریتە بەر ریکایەك کە خواستەکانی خەلك جیبەجیبکاتو لەگەل نوینەرانی راستەقینەی خەلك دابنیشیت.

ئەم کردەوەیە بەتوندی ئیدانە دەکەینو داوادەکەین دەست بەجێ دەسەلاتی یەکێتی نیشتمانی شاخەوان ناصیحو گشت زیندانیە سیاسیەکان لەهەموو شارەکانی ژێر دەسەلاتی خۆی ئازاد بکات.

## ڕیکخراوی کوردستان

## حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

2006/8/12